www.kurdistannet.org
21-7-2006 10:15بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

## تەها موحێدین مەعروف لە کوردستان داڵدەدراوە

ماوەیەکی زورە دەسەڵاتدارانی کوردستان دەستیان داوەتە داڵدەدان و شاردنەوەی ئەنفالچی و کۆنە بەعسییە کان، لە چاوی خەڵکی کوردستانیان دووریان دەخەنەوەو لە شوێنی ئارام و نهێنیدا دەیانپارێزن.. مەبەستی دەسەڵاتدارانیش لەم هەنگاوە جگە لە بێ بایەخ کردنی قوربانیانی ئەنفال و جینۆسایدی نەتەوەکەمان یاری کردنە بە هەست و نەستی سەدان هەزار شەهیدی کوردستان کە بەدەست ئەو تاوانبارانە گیانی خۆیان لە دەستداوە!.

لێرەدا ئەم دوو هەواڵە دەخەینە بەردەم جەماوەری کوردستان:

1- تەها موحێدین مەعروف لە ژێر ناوی نهێنی (ئەبو عومەر) لە شارۆچکەی دوکان داڵدە دراوە..

2- موکەرەم تالەبانی وێرای ئەوەی بە پلەی وەزیر خانەنشین دەکرێت، بە نامەی فەرمی سەرەک کۆمار بریاری 400 مەتر خاکی کوردستانی بە دیاری دە دریتی، لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە موکەرەم تالەبانی ئەو زەوییەی تەنها لە پارکی ئازادی دەوێت و قایل نەبووە لە هەمان شوێن دوو پارچە زەوی دووسەدمەتری وەربگرێت!.

3- شێخ جەعفەر بەرزنجی تاوانباریش هەر لە رێگای دەسەڵاتدارانی کوردەوە بەرەوە دەرەوەی کوردستان هەڵهات....

ناوەندی چاک وێرای ئەوەی بە مافی هاوولاتیانی دەزانێت کە داوای یاسایی لەسەر ئەو تاوانبارانە تۆماربکات، داوا لە جەماوەری میلەتەکەمان دەکات هەر کۆنە بەعسی و ئەنفالچییەک ئەگەر لەلایەن دەسەڵاتی کوردیەوە داڵدە درابێت بە زووترین کات ناوەندی لێ ئاگادار کەنەوە بو ئە وە ی لە قاو دریت، هەرگیز لەو کارە نایاساییانەی دەسەڵاتی کوردی بێ دەنگ نەبن...

ناوەندی چاک